www.kurdistannet.org
10-8-2003 12:26

# کۆمەڵگای مەدەنی یا، مێگەلی کانی گۆڕان !

**کەیهان عەزیز**
kayhanaziz@maktoob.com

بۆچی سەرکردایەتی کوردیش دەبێ وەك سەرکردایەتیە خێڵەکی ومافیاییەکانی وولآتانی جیهانی سێهەم سەقەتانە رەفتار بکا؟ بۆچی ئەم سەرکردایەتیەش دەبێ پەیڕەوی هەمان سیاسەتی چەوتی باو لەناوچەکەدا بکات؟ چ شتێك ئێمەی کورد (کە هەمیشە خەریکی ڕیکلامکردنی پووچ و بێ تامین) ، لە ستراکتورو مینتالیتایتی وولآتانی دەووروبەرمان جیا دەکاتەوە؟، کاتێك بزانین سەرکردایەتی کورد هاوڕەنگ وبۆی شێخنشینەکانی دوورگەو سوریا (ئەسەدی کوڕوبابن) ن، ئیدی ئاگاهی و ووشیاری گەلی کورد، جێگای پرسیاروسەرسوڕمان نابێ و دەستەواژە قەبەکانی دیموکراسی، سوسیالیزم، کومونیزم، ناسیونالیزم و. . . . لەکوێی ئەقڵی کوردیدا قەرار دەگرن؟؟ ئەقڵی کوردی، چ پێشڕەویەك وەنڤارێکی لەسەرکردایەتی (فولکلوری) سیاسی کورددا بەدیکردووە، کە وایلیکردووە، ئەم سولّتانە بێ کەواو سەڵتانە، زیاتر لە چل ساڵی ڕەبەق دەمڕاستی بێ؟؟ئایا ئەم سەرکردایەتیە تۆز لێنیشتوو و فۆلکلۆرە، ، گەرکاربێتە سەر لابردن و دەستکێشانەوەو خانەنشینیان، لەپێناوی کورسی و بیزنیسی کوردایەتیدا، دڕندانەترلەسەددام ڕەفتارناکەن؟؟ کەس ئەتوانێ بڕوا بەوخەوە بکا، کەتیایدا کورد ڕزگاری بووبێ، لەنیوسەدە مۆنۆپولکردنی دەسەلآت، لەلایەن مەسعودبارزانی وتاڵەبانی وبنەماڵەکانیانەوە؟؟ گەر کۆمەڵگای کوردەواری (وەك شێخنشینە خێڵەکیەکانی دوورگە) بەدیکۆرمۆدێرن وبەناوەڕۆك فئودال نییە، دەستەواژەی کۆمەڵگای مەدەنی وڕای گشتی ومافی مرۆڤ مافی چارەی خۆنووسین وئازادی ڕادەربڕین، کەچەندین ساڵە گوێی کەڕەکانیشی شنەوا کردووە، لەکوێی ئەقڵیدا ویراژ (پەنتەرناش) دەکات؟؟ کام ڕێبەرو سەرکردەی، یەکێ لەم دووپارتەدەسەلأتدارەمان بینی، کەلەبەرانبەرئەوهەموو، تێکشکان وهەرەس و کوێرەوەری وپۆکەرەی کەبەکوردەوەکرا. شەهامەتی، خۆکوشتن یا وازهێنانی تێدابووبێ، یان داوای بەخشینی لەو میللەتە کردبێ؟؟ ئایا چل ساڵ ڕێبەرایەتیکردنی پارتێك یا بزووتنەوەیەك، لەلایەن دوو بنەماڵەوە گەواهی دیکتاتوریەت نادا؟؟ یان، پێناسەی دیکتاتۆریەت لای کورد، وواتایەکی تردەگەیەنێت؟؟ ئایاکورد دەزانێ وانەی میژوبخوێنێتەوە؟ گەروەلام بەلێ بێت، ئەدی چما ڕێبەرایەتیەکەی وەك مێگەلی کانی گۆران ڕەفتاریان لەگەڵ دەکات؟؟ئایا ئامارومێژووی پەنجا ساڵی سەدەی ڕابردوو گەواهی پێچەوانەی ئەو دەستەواژانەی سەرەوە نادەن؟؟ گەر ڕەنگ وبۆی کۆمەڵگای مەدەنی، تەنها لە ئینشاوخوتبە بێتامەکانی سەرکردەوڕۆژنامە کانداقەراریان نەگرتبێ، چما ناهێڵرێت سکاندالی رابەرەسیخوڕەکانی کورد پەخش ببێت؟؟ گەر کۆمەڵگای مەدەنی، ڕای گشتی وئازادی ڕادەربڕین، لەکۆمەڵگای کوردەواریدا، بارستاییەکی هەیە، بۆچی نەتوانرا، ئەم سەرکردایەتیە بخرێتە ژێر گوشاری ئەم سکاندالە مەزنەوە؟؟گەر ڕیفراندۆمێك لەنێو کوردا ساز بدرێ، چەند دەرسەدی کورد لەگەڵ ڕاگەیاندن وسزادانی پێشمەرگە سیخووڕە بەعسیەکانن ؟؟ ئایا ئەم سەرکردایەتیە، کورد بە مێگەل دەزانێ، هەربۆیە لیستی پێشمەرگە سیخووڕە بەعسیەکانی ناخاتە ڕوو؟؟لەسایەی سکاندالێکی وامەزندا، کۆمەڵگای مەدەنی لەسەرابی ئەقڵی کوردا نەبێ، دەبێ لەکوێیدا قەراری گرتبێ؟؟؟!!!ئایا ڕێبەرایەتی سیاسی کورد، کەبەشێکی ڕووکەشانەی کاریان، ڕیکلامکردنە بۆ تلورانت ومافی مرۆڤ، ئازادی بیروڕادەربڕین وکۆمەڵگای مەدەنی ودیموکراسی. لەپێناوڕاهێنان ومەشقی ئەودەستەواژانە بۆ نەوەکانی!!!!، جوانترولۆژیکانەتر نەدەبوو، کورسی مۆنۆپۆڵکردنی (دەسەلأتی 45ساڵ) دیموکراسیان!، بەخەڵکە ڕابردووخاوێنە، پروفیشینالّ و خوێنەواروتەکنوکراتەکان بسپاردبا؟؟!!!. لەچ کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا، دکتۆرێکی دانیشگا یاخود کەسێکی خوێنەوار، هەڵدەسێ بەچاپلووسی وپیاهەڵدان وماستاوکردن، بۆ سکرتێروسەرۆکی هێژای نەخوێنەوار؟؟!!کۆمەڵگایەکی مەدەنی، دەبێ تیایدا ئەودکتۆری دانیشگایە سەرۆك وسکرتێری بێ یان مامەوکاکە دیکتاتوری بن؟؟ مامەوکاکە، هەست (شعور) یان چیە، کاتێك کەسێکی پروفیشیونالّی خوێنەوارترو ئاقڵترلەخۆیان بەردەستیان دەکا!، یا هەست بە خەجاڵەت ناکەن، کاتێ سوور دەزانن جێگەی ئەو پۆفیشیۆنێلەیان بەشەقی دیموکراسی وکۆمەڵگای مەدەنی لێزەوت کردوون؟؟!. گەر

تابینەقاقای کورد، لە زەلکاوی فئودالّیەتدا نەچەقیبا، ئەمان دەیانتوانی ماوەی 45 سالّ، دیموکراسی وکۆمەلّگای مەدەنیان لەوزەلکاوەدا، مۆنوپۆلّ کردایە؟؟

لەوولاّتێکی وەك هۆلّەند، کە یەك دەرسەدی پدك وینك باس لەدیموکراسی ناکەن، دووسال بەر لەئێستا، کابینەی هۆلّەند هەرهەموویان لەکار دەستیان کێشایەوە، هۆکەشی هەرەس ومیللەت بەداروبەرددا دان وئاودیوو وشەڕی نێوخۆوئالّمانی هێنان نەبووە بۆسەرووڕگی خەلّك!!. بگرە تەنهالەبەر ئەوەی، هێزەکانی هۆلەندلە شاری (سیربرینیچا) ی بۆسنیادا، نەیانتوانیبوو بەپێی پێویست، خەلّکی ئەوشارەلەقەتلّ وعامی سیربەکان بپارێزن !. ئائەمەیە دیموکراسی جەنابی تالّەبانی وبارزانی! !ئێوەش وەك سەدام و زۆردیکتاتۆری دیکە ی20سالەّ، 35سالەّ، 45سالّە، 50سالەّ، نازانم چەندسالّە. نیازتانە بەنێووبەهانەی ڕەنگین وقەبەوقۆڕەوە، دەستی هاوکاریتان لەگەلّ بەعس وساواك ومیت وگاردی (بەعسی) کۆماری وسپای پاسداران و. . . درێژ دەکردو وسلّتان لەهیچ دادوستەدێك نەدەکردەوە، چونکە، گوایە وەك سەددام سەرمەستی بێئاگایی خەلّك وماستاوی، ریاکاروماستاوچیەکانن!.

# ڕابەرانی مۆدێرنەو ڕەخنەگرتن!

چەند سالّێکە، گرووپێکی ڕۆشنبیری سەرگەرمی چالاکین. ، گەرچی لەتوانای جۆراوجۆری کۆپی کردن و تووتی ووتنەوەی تێکستەکانی بارت وفۆکۆ وبابەکی ئەحمەدی بەرخوردارن، وەلیّ لەئاست ئەوهەموو تراژیدیاودیکتاتۆریەتەی، کەخەلّکی کورد، بەدەست سەرکردایەتی فولکلۆری کوردەوە چێژتوێتی، بیّ هەلّوێست بوون!!. چونکە ئەوان پێیان وایە کە سیاسەت کاری وان نیە!.

من نازانم، لەبەرئەوەی کاتی خۆی ینك، پارەی ژمارەیەکی بلاّوکراوەکەیانی (ئازادی) دابووتیّ، وا سیاسەتیان تەلاق داوەو پیشەیان نیە. یان لە ترسان!. مەریوان قانع، گەر پێی وایە سیاسەت کاروبیزنیسی وی نیە، چما بچووکترین هەل، بۆ هەلّسەنگاندنی سیاسی، لەکانالّەکانی تەلەفیزیۆنی هۆلّەندا بەهەدەرنادا؟؟ چما باسی دیکتاتۆری وکلتووری دیکتاتۆری لەتەواوی ڕەهەندەکاندا ناکات؟؟ نووسەرو ڕۆماننووسی ئێران ئەحمەدی مەحموود، کاتێك نووسەری ڕۆمانی (اقای ریس جمهور) دەبینیّ، دەلّێت : بنووسن، دکتاتوریەت ومینتالیتایەکەی، بەتووندی بکەنە، کەرەستەی ڕەخنەو تەنز و بیانکەنە پەندی زەمانە. ئێمە لێرە (ئێران) گەر نەتوانین بنووسین، ئەوا وەرگێرانی بەرهەمەکانتان بۆ خەلّکی ئێران، کارایی ورۆلّی خۆی لە ڕۆشنکردنەوەو جولاّن وگۆڕینی بارودۆخەکاندا دەبیّ. کەچی کاك مەریوان وەك ئەودکتۆرەی لێهاتووە، کەنەخۆشەکەی ئازارەکەی لە شوێنێکەو ئەوشوێنێکی تری نەشتەر دەکا !. پیچناچیّ ئەم کارەشی لەبێئاگاییەوە بێت. پێدەچیّ، هۆیەکی پیدانەبرانی بیّ لە توولە ڕێی سلێمانی. گەرنا کەسێکی وەك ئەو، کە بەئەقلّی سیاسی کورد ئاشنایە، چۆنە زار لەهەمووشتێك دەدات وتەنها ڕەخنە لەسیاسەتی دیکتاتورەخۆمالّیەکان نەبیّ؟!. ڕۆشنبیربەگشتی وسوپەر مۆدێرنە بەتایبەت، لەکۆمەلّگایەکی گیرۆدەوئالودەبەسەددامیەت وتیروریستی ئیسلامی وپارتی وینکدا، دەبیّ ڕۆلّێکی وای هەبێت ؟ یان بوێرانە!. من گوومانم لەخوێنەواری بەختیار عەلی نیە وەلیّ، زۆرگومانم لەکاری ڕەشکردنەوە (بێهودە) ی لاپەڕە بەرمالّیەکانی هاوولاّتیە کەبۆی تەرخان کراوە و، پێدەچیّ کاك بەختیاریش ئاگاهانە تۆڕی خۆی هەلّدا، کارێکیش نەکات، بکەوێتە نێو، تۆڕی پارتی وینك وە!.

Denbosch
8-08-2003

سەرچاوە:

**خاترات, احمدمحمود,پیك نت.**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.